# دوو وشە هەیە خۆشەویسن لای اللە وئاسانن لە سەر زمان وقورسن لە سەر تەرازوی چاکە کاری

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دوو وشە هەیە خۆشەویسن لای اللە وئاسانن لە سەر زمان وقورسن لە سەر تەرازوی چاکە کاری: (سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ، (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ) واتە: (وپاک وبێگەری بۆ خودای مەزن، پاک وبێگەری بۆ خودا وسوپاس بۆ ئەو».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی دوو وشەمان بۆ دەکات کە مرۆڤ بەبێ هیچ ناڕەحەتیەک دەیڵێت لەهەموو حاڵەتێکدا، وپاداشتیان گەڵێک مەزنە لە تەرازوودا، وپەروەردگاری میهرەبان -تبارک وتعالى- ئەم دوو وشەی زۆر خۆشدەوێت: (سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ، سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ) واتە: (وپاک وبێگەری بۆ خودای مەزن، پاک وبێگەری بۆ خودا وسوپاس بۆ ئەو)، وەسفکردنی خوای گەورە تێدایە بەکاملبوون ومەزنی، وهەروەها بەپاکدانانی لەهەموو کەموکورتیەک -سبحانه وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5507

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee